# کەشتی عومر بەبێ سەوڵ ڕێ دەگرێتە بەر



چنار نامق

ئەگەر ژیان
خۆزگەیەکی نەهاتووە دی بێت
لای من عیشقێکە پایزی
ئەو دەمانەی گشت بەهاکان هەڵدەوەرێن
شەرمی لەدایکبوونێکی دی دادەگرێت
بێهودەم
لە بیستنی ئەو گۆرانیانەی
بەتێکرای دەنگ
بۆم دەچڕن و
تۆ لە قەتیس بوونت لە خەمە یەئسێکدا
بیرت دەچێت بیانچڕی
ئەو دەمەی لە چاوەکانت
تینووی چۆڕە نیگایەکم
لە نهێنی تاسەی ڕێبوارێکی سەرەڕێ ناگەیت
لە بیابانێکی چڕدا
ڕێگاکانی لێدەگۆڕێت
ئەو ساتانەی
تینووی عیشقی دەریایەکەم
ناپرسی لە کەشتی عومرم
چۆن بێ سەوڵ و بێ ناخودا
لە ناخی شەپۆلەکاندا

ملی ڕێگا دەگرێتەبەر
کوچە و کەلەبەرێك نەما لە بوون
بەدووی خۆم و
ئایدیا و بیرەوەریمدا  نەگەڕێم
سات لەدوای سات
درەختەکانی نامۆبوون لەمندا چرۆ دەکەن
وەلێ ناگەم
بەنهێنی نامۆبوونی
ئەندێشە و زاکیرە وجەستەم
 کە شەوگارت لە تاریکی نووقم دەکرد
من لە سەرابم دەپرسی
دەشێ بێ رووناکی مانگ و ئەستێرەکان
جارێکی دی
ڕۆژ بتوانێ هەڵبێتەوە
چەن ئەستەمە لە غوربەتدا
کۆشی گەرمی نیشتمانت بیرچێتەوە